پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان

KURDISTAN TECHNICAL INSTITUTE

10TH KTI Class of 2026 Graduation Ceremony

ڕێنماییەکانی دەیەمین ئاهەنگی دەرچوونی فێرخوازان

تایبەت بە فێرخوازانی دەرچوو و فێرخوازە یەکەمەکان

شەممە ٢٨ / ١١ / ٢٠٢٦

تەلاری هونەر · سلێمانی

بەخێربێن بۆ دەیەمین ئاهەنگی دەرچوون

دەیەمین ئاهەنگی دەرچوونی فێرخوازانی پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان ڕۆژی **شەممە ٢٠٢٦/١١/٢٨** لە **تەلاری هونەر، سلێمانی** بەڕێوە دەچێت.

◆ پەرەنسیپە گشتییەکان بۆ هەموان

کات پابەندبوون بە کاتی گەیشتن؛ دوای دەستپێک هاتنەژوورەوە سنووردار دەکرێت.	**ڕێز و بێدەنگی** لە کاتی ووتار، سرودی نیشتمانی و بانگکردنی ناوەکان.	**مۆبایل** لەسەر دۆخی بێدەنگ؛ پەیوەندیکردن لە ناو هۆڵ نەکرێت.
جوڵە پابەندبوون بە ڕێنمایی ئەندامانی لیژنەکان (بە بادج ناسراون).	**سەلامەتی** تەقەکردن،یاری ئاگرین، دووکەڵ قەدەغەیە.	**پاکی** خواردن نابرێتە ناو هۆڵ ، جگە لە ئاو.

ڕێنماییە گشتییەکان بۆ دەرچووان

٢ پۆشینی جل و بەرگی **(ڕۆبی دەرچوون و کڵاو بە پێی ڕەنگی بەشەکەت)** دەتوانیت بەشداری ڕێوڕەسم و ئاهەنگی دەرچوون بکەیت.

٣ ڕێنماییەکانی پێشکەشکار و تیمی ئامادەکاری دەیەمین ئاهەنگی دەرچووان بە ووردی جێبەجێ بکەن.

٥ وێنەی فەرمی دەرچووان دەگیرێت لە کاتی مەراسیمەکەدا، بۆیە داوا لە دەرچووان دەکەین دوور بکەونەوە لە گرتنی وێنەی کەسی لەسەر ستەیج.

٦ فێرخوازی دەرچوو پێویستە بەرپرسیارێتی سەرجەم کەلوپەلە کەسییەکانی هەڵبگرێت.

٧ بۆئەوەی ئاهەنگەکە لەکاتی خۆی و بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەبچێت، تکایە تا دەتوانن تەنها **ئەندامی پلە یەکی خێزان** بانگهێشت بکەن بۆ ڕێوڕەسمەکە.

٨ تکایە تا کۆتایی مەراسیمەکە لە هۆڵەکەدا بمێنەرەوە و بەشداری لە سەرجەم چالاکییەکان و ئاهەنگ گێڕان لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانت بکە.

٩ فێرخوازانی **(Retake & Exam only)** ناتوانن بەشداری مەراسیمەکە بکەن.

١١ تکایە پاک و خاوێنی هۆڵ ڕابگرن.

لە کۆتایدا هیوای سەرکەوتن بۆ سەرجەم دەرچووانمان دەخوازین

ئەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیە

کاتی گەیشتن بۆ تەلاری هونەر **کاتژمێر ١٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆ**

پێش ڕۆژی ئاهەنگ

١ دڵنیابەوە ناوەکەت بە کوردی و ئینگلیزی بە دروستی تومار کراوە؛ هەر هەڵەیەک بە زووترین کات بە سەرۆک بەشەکەت بڵێ. ئەمە بۆ فیرخوازە یەکەمەکانە.

٢ ئامادەبوونی خۆت و ژمارەی میوانەکانت لە وادەی دیاریکراودا تومار بکە. ئەگەر خۆتومارکردن هەبوو.

٣ ڕۆب و کڵاوت ، پێشتر تاقی بکەرەوە ئوتووی بکە تا چرچ نەبێت.

٤ بەشداری لە پرۆڤە بکە ئەگەر بانگ کرایت.

جلوبەرگ

- جلی فەرمی، بە ڕەنگی تاریک و سادە لە ژێر ڕۆبەکەت.
- پێڵاوی ئاسوودە و داخراو؛ چونکە لەسەر ستەیج و پەیژەکاندا دەڕۆیت.
- ئارایشتی قژ بە شێوەیەک بێت کە کڵاوەکە بە ڕێکی دابنیشێت.

دوای ئاهەنگ

- لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە تا پێشکەشکار کۆتایی ڕادەگەیەنێت.
- بەشداری لە وێنەی گروپی بەشەکەت بکە.
- وێنەکانت لە پەڕەکانی پەیمانگە بڵاو دەکرێنەوە.

لە ڕۆژی ئاهەنگ

١ **چێک ئین:** ڕاستەوخۆ بچۆ بۆئەو شوێنەی بۆ بەشەکەت دیاریکراوە و یاریدەدەری کارگێڕی بەشەکەتان هاوکاریتان دەکات..

٢ **ڕۆب و کڵاو:** پێش ڕیزبوون لەبەری بکە.

٣ **ڕیزبوون:** لەگەڵ فیرخوازانی دەرجووی بەشەکەت ڕیز دەبیت و شوێنی خۆت ناگۆڕیت.

٤ **دانیشتن:** تەنها لە شوێنی بەشەکەت؛ کەسوکارت لە بەشی خێزانەکان دادەنیشن.

٥ **لە کاتی ئاهەنگ:** مۆبایل بێدەنگ بکە، جێگاکەت بەجێ مەهێڵە و چەپڵە بۆ بەشەکانی تریش لێبدە.

وەرگرتنی بڕوانامە لەسەر ستەیج

١ کاتێک بەشەکەت بانگ کرا، بەپێی ڕێنمایی پرۆتۆکۆڵ لە لای ستەیجەوە ڕیز بەبە.

٢ کاتێک ناوت بانگ کرا، بە هێمنی سەرکەوە بۆ ناوەڕاستی ستەیج.

٣ بڕوانامە بە **دەستی چەپ** وەربگرە و بە **دەستی ڕاست** تەوقە بکە (ئەگەر تەوقە دەکرێت).

٤ ڕوو بە کامێرا چەند چرکەیەک بوەستە بۆ وێنەی فەرمی، پاشان لە لای تردەوە دابەزە.

٥ گوڵینکە تەنها بە ئاماژەی پێشکەشکار دەگوازرێتەوە، نەک لەسەر ستەیج بە تاک.

ڕۆب، کڵاو و گوڵینکەی کڵاو

گوڵینکە پێش وەرگرتنی بڕوانامە لە **لای ڕاست** دەبێت و دوای ڕێوڕەسمی گواستنەوە دەچێتە **لای چەپ**؛ ئەمە هێمای گواستنەوەیە لە قۆناغی خوێندنەوە بۆ قۆناغی بوون بە خاوەنی بڕوانامە.

پێش گواستنەوە



گوڵینکە لە لای ڕاست

فێرخوازی پەیمانگە · دیمەن لە پشتەوە

دوای گواستنەوە



گوڵینکە لە لای چەپ

دەرچووی پەیمانگە · دیمەن لە پشتەوە

کڵاو

١ کڵاو بە **تەختی** لەسەر سەر دابنێ، هەموار لەگەڵ زەوی، نەک بە لاری یان بەرەو پشتەوە.

٢ لێواری پێشەوە نزیکەی **٢–٣ سم** لە سەروو برۆکانەوە بێت.

٣ گۆشەی تیژی تەختەکە بەرەو ناوەڕاستی ناوچاوان بێت (شێوەی ئالماس).

٤ بەشی لاستیکی بە پشتەوە بێت.

٥ ناوی خۆت لەسەر کارتێکی بچووک بنووسە و بیخەرە ناو کڵاوەکە.

ڕۆب

- لەسەر جلی فەرمی لەبەری بکە و بە تەواوی دای بخە.
- شانەکان ڕێک بکە؛ لە پشتەوە بە هاوسەنگی دابەزێت.
- شال یان باندی شان (Stole)، هەردوو لایی لە پێشەوە یەکسان بێت.
- بادج و هیچ شتێکی نافەرمی لەسەر گاون بەکارمەهێنە.

ڕێوڕەسمی گواستنەوەی گوڵینکە

١	٢	٣
پێشکەشکار داوا دەکات هەمووان هەستنەوە	گوڵینکە بە دەستی ڕاست بگرە	«یەک، دوو، سێ» — هەمووان بۆ لای چەپ

ئەم چرکەیە لە لایەن ڕاگەیاندنەوە وێنە دەگیرێت؛ دوای گواستنەوە گوڵینکە لە لای چەپ دەمێنێتەوە بۆ هەموو وێنەکانی دواتر.

فڕێدانی کڵاو

- تەنها بە ڕاگەیاندنی پێشکەشکار و لە شوێنی خۆتەوە، نەک لەسەر ستەیج.
- بۆ سەرەوە بهاوێژە، نەک بەرەو خەڵک و میوانەکان؛ چاوت لەسەر کڵاوەکە بێت.
- تەنها کڵاوی خۆت هەڵبگرەوە.

فێرخوازە یەکەمەکان

ئێوە نوێنەری بەرزترین ئاستی هەوڵ و بەرهەمی پەیمانگەن. هەموو ڕێنماییەکانی فێرخوازانی دەرچوو بۆ ئێوەش دەگونجێن، لەگەڵ ئەم خاڵانەی خوارەوە.

◆ پێش ئاهەنگ

١ لیژنەی گەشەپێدان و ڕاهێنان پەیوەندیتان پێوە دەکات؛ لە کاتی خۆیدا ئامادەبوونتان پشتڕاست بکەنەوە.

٢ بەشداریکردن لە **پرۆفەی گشتی** پێویستە: ڕێڕەوی ستەیج، کاتی بانگکردن و شوێنی وێنەگرتن.

٣ ناو، بەش و نمرەی کۆتایی تاقی بکەنەوە تا بە دروستی لەسەر خەڵات و شاشە بنووسرێت.

٤ ڕستەیەکی کورت بۆ سوپاسی مامۆستایان و خێزان ئامادە بکەن، بۆ چاوپێکەوتنی میدیا.

◆ لە ڕۆژی ئاهەنگ

١ لە کاتی گەیشتن خۆتان بە ئەندامی لیژنەی گەشەپێدان و ڕاهێنان بناسێنن؛ ئەوان سەرپەرشتیتان دەکەن.

٢ لە **ڕیزی تایبەتی یەکەمەکان** دادەنیشن و بەبێ ئاگادارکردنەوە شوێنەکە جێ ناهێڵن.

٣ کاتێک بانگ کران، لە ڕێڕەوی دیاریکراوەوە سەرکەون؛ خەڵات بە هەردوو دەست وەربگرن و بۆ وێنە بوەستن.

٤ لە وێنەی گروپی یەکەمەکان لەگەڵ ڕاگر و میوانان بەشدار بن.

ئێوە شانازیی پەیمانگەن

ئەو ساتەی ناوتان بانگ دەکرێت، ئەنجامی ساڵانێک هەوڵ و ماندووبوونە. بە هێمنی و بە شکۆوە بەسەر ستەیجدا ڕێ بکە؛ ئێوە نموونەی هاوڕێکانتانن.

10TH KTi Class of 2026 Graduation Ceremony

دەیەمین ئاهەنگی دەرچووان

پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان · kti.edu.iq

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان